

# پاشای گەورە لە یادەوەریی رواندزیاندا

سەید ئازاد

پاشای گەورە زۆر سەربردەو بەسەرهاتی خۆش وناخۆش وسەرسورهێنی هەن كە بەداخەوە تا هەنووكە نەنووســراونەتەوە، تەنها ئەوە نەبێ لە ســینگی نەوەكانی رابرووودا ماونەتەوەو ئێستاش پشت بە پشت لای هەنــدێ لە پیرەمێردەكانی دەڤەرەكەمان ماون كە ئەگەر شــارەزایەك بەدوایانــدا بچێت لە فەوتان و لەنێوچــوون دەپارێزرێــن. من بەش بە حاڵی خۆم ئەوەی گوێم لێبووبێ دەیخەمە ســەر كاغەز وئەو ئۆباڵە لەســەر شانی خۆم لادەبەم. هیوادارم ئێوەی خوێنەری ئەم بابەتەش چیتان لایە وبیستووتانە بە نووسینەوەی لە فەوتان رزگاری بكەن، ئەگەر لەسەردەمی ئەو گەورەپیاوانەشدا نەژیابین و كرنۆشێكمان لەرووی ئەدەبی ئەو دەمانەوە لە حزووری پاشا نەبردبێ، با ئێستا بە زیندووكردنەوەی سەربردەكانیان كە پڕن لە حیكمەت و دانایی، یادێكیان لێبكەینەوە.

★ دەگێڕنەوە پاشای گەورە خاڵێكی هەبووە بەداخەوە ناوی نازانم، بەڵام پیاوێكی زۆر حەقو رەق بووە، ئەگەر كارێكی ناشایستە و نالەباری دیبێ یان هەڵسوكەوتێكی نادادپەروەرانەو نەشیاوی لەكەسێك دیبێ جنێوی زۆر خراپی بەو كەسانە داوە و لەنێو خەڵكیدا سووكایەتیی پێكردوون. هەر بۆیە چەند كەسێك لای پاشا شكاتی لێ دەكەن. پاشا بانگی دەكاتو گلەیی لێ دەكات كە نابێ جنێو بە خەڵك بدات، چونكە خاڵی پاشایەو جنێوەكان لەسەر پاشا حساب دەكرێن. ئەویش لەبەر دڵی پاشا پەیمان دەدا كە ئیتر جنێو بەكــەس نەدات. پاشــاش پاڵتۆیەكی نایابی خۆی پێشــكەش دەكاتو پێیدەڵێت ئــەوە لەبری ئەوەی كە پەیمانم دەدەیتێ جنێو بە خەڵك نەدەی. پاش ماوەیەك پاشا لەگەڵ كۆمەڵێك لە نزیكەكانی دەچنە راو، خاڵی پاشاشیان لەگەڵدا دەبێو پاڵتۆكەشی پۆشیوە. ئیتر ئەو رۆژە هەرچی ئەو نێچیرانەی راویان دەكەن دەبەنە قۆناغێ، كە ئەشــكەوتی میران دەبێ لە چیای ئارمووشــە، بۆ  شەوێ ئاگرێكی گەورە دەكەنەوەو خەریكی گۆشــت برژاندن دەبنو بەدەم گۆشت برژاندنیشەوە كۆرەكە گەرم دەكەن. كابرایەكیان لەگەڵدا دەبێ لەتەنیشــت خاڵی پاشــا جێگایەك بــۆ خۆی خــۆش دەكات و بەدەم ئاگرەكەوە دادەنیشــێ. پاش خواردنی گۆشــت، كابرای مگێژی دەچێتە ســەر جگەرەیەك، قەلنەكەی دەردێنێو دەیەوێ دایگرسێنێ، وێڕای ئەوەی كە گوریی ئاگر چۆتە كەشكەڵانێ، بەڵام كابرا ئەستێ و بەردان دەردێنێ كە قەلنەكەی پێ داگیرســێنێ، خاڵی پاشــا كە ئەو كارە عاجباتیەی كابرا دەبینێ خۆی پێناگیرێو پاڵتۆكەی هەڵدەداتەوە بەر پاشاو پەنجە بۆ كابرا رادەكێشێ و بە زاری شیرینی رواندزیان دەڵێ: "هەر ئەفەرمووی جوونا مەدە خەركی، ئاخر كووی داكێ نەگێم؟ كابرا ئاگری لە رۆخ بی و بە ستێ و بەردان قەلنێ پێبكا!"

★ وەكو دەشــگێڕنەوە پاشــای گەورە زۆر گرنگی داوە بە كردنەوەی كارگە و كاری دەستی و پیشەسازی و داهێنانی  تەواوی ئەوبوارانەی كە خزمەتیان بە شاری رواندز و گەشەكردنی دەكرد. بۆنموونە دەڵێن كەكارگەیەك لەنوێوە دادەمەزرا پاشــا بۆخۆی لە مەراســیمی كردنەوەی كارگەكــە ئامادە دەبوو لەگەڵ كردنەوەی كارگەكە پاشا بڕیاری دەدا كە تۆپێك بتەقێنن، ئەمە وەكو رێزلێنانێك وابوو، بۆپێشكەوتن لەو بوارەدا، بەڵام كاتێك كە بۆ یەكەمین جار كارگەی سابوون لەرواندز دروستكرا لەجیاتی تۆپێك فەرمووی دووتۆپ بتەقێنن، كەنیشانەی ئەوەیە پاشا ئەوێ رۆژێ چەندی گرنگی داوەتە پاك و خاوێنی.